# قورئان هۆكاره بۆ جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

# الإقبال على القرآن من وسائل الثبات على دين الله

< kurdish - كردي - كوردى >


شێخ محمدی کوڕی صالحی المنجد

الشيخ محمد بن صالح المنجد



وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# قورئان هۆكاره بۆ جێگیر بوون و ثەبات لەسەر ئاینی خوای گەوره

سوپاس وستایش بۆ خوای گەوره ومیهرەبان وه درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

مانەوه وبەردەوام بوون لەسەر ئاینی پیرۆزی خوای گەوره داواكاریەكی بنەڕەتی هەموو موسڵمانێكی ڕاستگۆیە كه دەیەوێت ڕێگای ڕاست بە عەزیمەت و ڕوشدەوه بگرێتە بەر .

گرنگی ئەم بابەتەش لەچەند خاڵێكدا خۆی دەبینێتەوه :

- ئەو حاڵ وگوزەرانەی كه كۆمەڵگا موسڵمانەكانی تێدا دەژین، لەگەڵ جۆرەها فیتنە وخراپەكاری وكۆمەڵێك لە موغرەیاتی دونیای كه بە ئاگری دەسوتێن، سەرەڕای ئەو هەموو شەهەوات وشوبوهاتانەی كه بوون بەهۆی ئەوەی ئاین وئاینداری لای خەڵكی نامۆ وغەریب بێتەوه، ئەو كەسانەشی كه دەستیان گرتووه بە تەعالیمی دینەكەیانەوه و پابەندن پێوەی بووەن بە جێگای پرسیار لای خەڵكی، وسەریان پێی سوڕ دەمێنێت، وەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " ئەو كەسەی كه دەست دەگرێت بە ئاینەكەیەوه، وەك ئەو كەسە وایە كه دەستی بە پشكۆوه گرتبێت .

گومانی تێدا نیە لای هەموو خاوەن بیروهۆشێكی ساغ وتەندروست، ئەوەیە كه پێداویستی موسڵمان لەم ڕۆژگارەدا بۆ هۆكارەكانی بەردەوام بوون و ثابت بوون لەسەر ئاینەكەی زۆر گەورەتره لەو پێداویستیەی كه برا موسڵمانەكەی لەسەردەمانی كۆن و پێشووتردا پێویستی پێی بووه، بۆیە هەموو هەوڵ و تێكۆشانێك لەم پێناوەدا كارێكی گرنگ و پێویستە، ئەویش لەبەر تێكچوون وخراپ بوونی ڕۆژگار، وكەم بوونەوەی برایەتی، و لاوازی هاوكاری، و كەمی كەسانی دڵسۆز وسەرخەری ئیسلام وموسڵمانان.

- زۆر بوونی ڕووداوەكانی پاشگەزبوونەوه لە دین، وگەڕانەوەی بۆ دواوه، تەنانەت لە ڕیزی هەندێك لەو كەسانەش كه كادیری ئیسلامی بوون، وا دەكات كه موسڵمان ترسی هەبێت لەوەها پاشەڕۆژێك، بۆیە دەبێت بگەڕێت بەدوای ئەو هۆكارانەی كه بەردەوام وثابتی دەكەن لەسەر دین ودەیگەیەننە كەناری ئارامی .

- پەیوەیست بوونی ئەم بابەتە بە دڵەوە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەبارەیەوە فەرموویەتی : { لقلب ابن ادم أشد انقلابا من القدر إذا إجتمعت غليا } رواه أحمد 4/6 والحاكم 289/2، والسلسلة الصحيحة 1772، واتا : دڵی بەنی ئادەم زیاتر لەو مەنجەڵەی کە کوڵیداوە گۆڕانکاری بەسەردادێت .

هەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەشێوەیەکی تر باسی دڵ دەکات و دەفەرموێت : { إنما سمي القلب من تقلبه، إنما مثل القلب كمثل ريشة في أصل شجرة يقلبها الريح ظهراً لبطن } رواه أحمد 408/4 ، وصحيح الجامع 2361، واتا : دڵ ناونراوە دڵ لەبەر زۆری ئەو گوڕانکاریانەی کەبەسەریدا دێت، نمونەی دڵیش وەك ئەو پەڕەوایە کە بە قەدی درەختێکەوەیە وهەوا بە بەم دیودیودا هەڵیدەگەڕێنێتەوە .

شاعیریش ووتویەتی :

وما سمي الإنسان إلا لنسيه ... ولا القلب إلا أنه ينقلب

واتا : مرۆڤ ناونەنراوە مرۆڤ جگە لەوە نەبێت کە شتی لەبیر دەچێتەوە، وە دڵیش ناونەنراوە دڵ جگە لەبەر ئەوە نەبێت کە زۆر هەڵگەڕانەوەی بەسەردا دێت .

بۆیە ئەو دڵەی بە هەواو و هەوەسی شەهوات و شوبهات زۆر دەگۆڕێت و گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، کارێکی مەترسیدارە، بۆیە جێگیرکردنی پێویستی بە هۆکارگەلێکی گەورە ومەزن هەیە کە لەگەڵ گەورەی ئەو گرنگیەدا هاوشانی یەکتربن .

**هۆکارەکانی بەردەوامی و جێگیر بوون لەسەر ئیمان :**

یەکێك لە ڕەحمەتەکانی خوای گەورە کە بە بەندەکانی دەکات، ئەوەیە کە لە پەرتووکەکەی خۆی و لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی و لەژیانی ئەو سەروەرەدا هۆکارگەلێکی زۆری بۆ ڕوون کردوینەتەوە کە دەبنە هۆی بەردەوامی و جێگیر بوونی بەندەکان لەسەر ئاین وبیروباوەڕەکەیان، بۆیە خوێنەری بەرێز لەم دەرەفەتەدا هەندێك لەو هۆکارانە بەیارمەتی خوای گەورە دەیخەینە ڕوو :

**یەکەم : پێشوازی کردن لە قورئان و ژیان لەگەڵیدا :**

قورئانی پیرۆز هۆکاری یەکەمی بەردەوامی و جێگر بوونی مرۆڤە لەسەر ئاینی و بیروباوەڕەکەی، هەر قورئان ئەو گوریسە توندوتۆڵەی و نورە ڕوون وئاشکرایە کە هەرکەسێك بە توندی دەستی پێوە

بگرێت خوای گەورە دەیپارێزێت، وە هەرکەسێك شوێنی بکەوێت ڕزگاری دەبێت، وە هەرکەسێکیش بانگەوازی بۆ بکات، ئەوە بێگومان ڕێنومایی کراوە بۆ سەر ڕاستە ڕێگای ئیسلام .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ڕوونی کردوەتەوە لە پێناو جێگیر کردنی ئاین و بیروباوەڕی باوەڕداران قورئانی ناردوەتە خوارەوە، بۆیە دەبینین پەروەردگار لە چوار چێوەی وەڵامدانەوەی هەندێك گومانی بێباوەڕاندا فەرموویەتی : ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا * وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا﴾ [ الفرقان : 32 -33 ]، واتا : کافرەکان (بیانوویەکی تریان گرت و) وتیان: ئەوە بۆ قورئان بە یەک جار بۆی ڕەوانە ناکرێت، بێگومان ئێمە هەر بەو شێوەیە ڕەوانەی دەکەین، تا دڵی تۆ زیاتر دڵنیا بکەین، بەردەوام بەجوانی دایدەڕێژین ودەیگەیەنین * خوانەناسان هیچ ڕەخنەیەکت لێ ناگرن، لە بەرامبەریەوە ئێمە حەقیقەت وڕاستیمان بۆ تۆ نەهێنا بێت و بەجوانی هەموو شتێکت بۆ ڕوون نەکەینەوە .

**بۆچی قورئانی پیرۆز سەرچاوەی ثەبات وجێگیر بوونی کەسەکانە ؟**

-لەبەر ئەوەی لەرێگای پەیوەست بوون بە خوای گەورەوە، قورئان باوەڕ دەچێنێت و دڵ ودەروون پاك دەکاتەوە لەهەموو ژەنگ وژارێك .

- چونکە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ ئەوە دابەزیون کە هێورکەرەوە و سەلامەتی بن بۆ دڵ و دەرونی باوەڕداران، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ڕەشەبای فیتنە ناتوانێت لەقی بکات، چونکە دڵەکان بەیادی خوای گەورە ئارام وهێور دەبنەوە .

-لەبەر ئەوە قورئانی پیرۆز مرۆڤی موسڵمان بە ڕەوشت وقیەمی ڕاست ودروست پەروەردەدەکات بۆیە هەر لەو ڕێگاوە ئەتوانێت بارودۆخی دەوروبەری خۆی پێ بپێوێت، هەروەها ئەو پێوەرانەش کە حوکمی بابەتەکانی تری بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆی ئامادە دەکات، تاوەکو حوکمەکانی لا لێڵ و ناڕوون نەبێت، وە تووشی دژ یەك نەبێت لە ووتا و گوفتاریدا، ئەگەرچی ڕووداو و کەسەکانیش وگۆڕانکاریان بەسەردا بێت .

- قورئانی پیرۆز وەڵامی تەواوی ئەو گومانانە دەداتەوە کە دوژمنانی ئیسلام لە بێباوەڕان ودووڕوەکان دەویروژێنن، وەك ئەو گومانانەی کە لەسەردمی یەکەمی ئیسلامەوە ڕوو بەڕووی موسڵمانانیان کردونەتەوە، لەو نمونانەیش : -

1- ئایا شوێنەواری ئەو ووتەیەی خوای گەورە چیە کە دەفەرموێت : ﴿مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى﴾ [ الضحى: 3 ]، واتا : پەروەردگارت دەستبەرداری تۆ نەبووەو وازی لە تۆ نەهێناوەو خەشمی لێ نەگرتوویت، کاتێ ماوەیەك وەحی نەهات بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کافرانی قورەیش وتیان، پەروەردگاری محمد وازی لێ هێناوە، ئیتر خوای گەورە بەدرۆی خستنەوە، سەرنج بدە لە صەحیح موسلیم بە ڕاڤە و شەرحی نەوەوەی بەرگی (12) لاپەڕە (156) .

2- ئایا شوێنەواری ئەو ووتەیەی خوای گەورە چیە کە دەفەرموێت : ﴿لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ﴾ [ النحل : 103 ]، واتا : زمانی ئەو کەسەی ئەوان دەڵێن قورئان فێری محمد دەکات، عەجەمیەو عەرەبی نیەو ڕەوان نیە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی و پاراوو ڕوون و ئاشکرا دارێژراوە .

کاتێك بێباوەڕانی قورەیش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) کەسێکی غەیرە عەرەبی فێری ئەم قورئانەی دەکات، قورئان لە کەسێکی دارتاشی ڕۆمی لە مەککە وەردەگرێت .

3- ئایا شوێنەواری ئەو ووتەیەی خوای گەورە چیە لەسەر دڵ ودەرونی باوەڕداران کاتیك یەکێك لە دووڕووەکان ووتی : "**ائذن لى ولا تفتنى**" مۆڵەتم بدەو تووشی گوناهو سەرپێچیم مەکە!! (بەبیانووی ئەوەی لە غەزادا، لەوانەیە تووشی گوناهو هەڵە ببێت، خوای گەورەش وەڵامی ئەم ووتەیەی دایەوە و فەرمووی: ﴿أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا﴾ [ التوبة : 49 ]، واتا : لە حاڵێکدا ئەو جۆرە کەسانە با چاك بزانن کە لە گوناهو تاواندا ڕۆچوون .

ئایا ئەم ئایەتانە جێگیر کردنی دڵ و دەرون نیە لەدوای جێگیر کردن و دامەزراندنی دڵە باوەڕدارەکان نیە، وە وەڵامی گومانەکان نیە، وە بێدەنگ کردنی شوێنکەوتوانی باطل و ناهەق نیە ؟ بەڵێ بەخوای گەورە بێدەنگ کردنی هەموویانە .

سەر سوڕهێنەرە کە پاش گەڕانەوەی باوەڕداران لە حودەیبیە خوای گەورە بەڵێنی پێدان بە دەستکەوتێکی زۆر وزەبەندە کە بریتی بوو لە دەستکەوتەکانی غەزوەی خەیبەر، کە بەدەستی دەهێنن و بۆی دەچن پێش هەموو کەسێکی تر، لەکاتێکدا دوو ڕووەکان داوای ئەوەیان کرد لە

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە ڕێگایان بدات کە بەشداری بکەن لەگەڵیاندا، لە بەرامبەردا موسڵمانان پێیان ووتن : شوێنمان مەکەون، وە سەردەکەون، بەڵام ئەوان وویستیان کەلامی خوای گەورە بگۆڕن، بۆیە بە موسڵمانیان ووت : ئێوە حەسودی بە ئیمە دەبەن، بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا وەڵامی دانەوە و فەرمووی : ﴿ بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ [الفتح : 15 ] واتا : بەڵکو ئەوانەکەمێک نەبێت لەفەرمانی خوا تێناگەن (تەنها) چاویان بڕیوەتە سامان ودەسکەوتەدنیاییەکان.

بۆیە هەموو ئەم ڕووداوانە قۆناغ بەقۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو، و ووشە بە ووشە، بە پێش چاوی باوەڕدارانەوە ڕوو دەدەن .

لێرەوە دەتوانین هەست بەو جیاوازیە بکەین لە نێوان ئەو کەسانەی کە ژیانیان پەیوەست کردووە بە قورئان و بەدڵ وگیان لەگەڵ قورئاندا دەژین، قورئان دەخوێننەوە و لەبەری دەکەن و لە مانا ومەبەستەکانی تێدەگەن وبیری لێدەکەنەوە، ولەو ڕوانگەیەشەوە بەرەو ئاسۆ هەنگاو هەڵدەگرن، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەموو هەم و غەم وکاروکردەوەیەکیان بریتیە لە ووتەی مرۆڤەکان وقورئانیان پشتگوێ خستووە .

خۆزگە ئەو کەسانەی کە قوتابی وخویندکاری زانستە شەرعیەکانن، بەشێکی زۆری کاتەکانی خۆیان بۆ قورئانی پیرۆز وتێگەیشتن لە مانا و مەبەستەکانی تەرخان بکردایە .

سەرچاوە: کتێبی وسائل الثبات على دين الله، لاپەڕە: 1تا 4.